# گوگوش: لەزیندانی تارانەوە بۆ لۆس ئەنجەلۆس

## وەرگێڕانی لەفارسییەوە: سامان سوبحدەم



ئەوکاتانە پێیان دەووت: شای مانگی هونەری ئێران، ئێستا بووەتە"گوڵبانوو" ، ئەوکاتانە لەتاران بوو، ئێستا لۆس ئەنجەلۆس، نەتارانی بۆمایەوە: کەبوویە قەفەسی دەنگی، نەلۆس ئەنجەلۆس: کە دەبێت ئاگاداری خۆت بیت زیانی زۆرت لێنەکەوێت، کاتێك لەتاران بوو مانەوەکەی سەیربوو، 21ساڵ، لەئەپارتمانێکدا بەدەنگێکی زیندانی کراوەوە، کاتێکیش رۆشت رۆشتنەکەشی سەیربوو، ئەوەندە بەخێرایی روویدا کە ماوەی بیرکردنەوەی نەبوو، بەناوی خوازراوەوە،و لەگەڵ بۆندی گیرفانیدا، کە لەنواندنی فیلمەوە دەستی پێکردو گەشتە چەند کۆنسێرتێك، ئێستا گوگوش "فائقە ئاتەشین" دوور لە "مەسعودی کیمیایی" هاوسەرەکەی لەکالیفۆرنیایە لەلۆس ئەنجەلۆس ئێستا شیعر دەخوێنێت، کتێب دەخوێنێتەوە، گوێ لەهەواڵی ئێران دەگرێت "تەنیا بی بی سی، هەندێ جار"، هێشتا نایەوێت شتێکانێك بڵێت کە: سەعیدی سیرجانی-یان لێرە لەناو بردووە، پاشان ئەو رۆشتووە بۆ ئێرانو دوچاری ئەو چارەنووسە بووە، لەبەر ئەوە من لەوبارەوە نەقسەم کردووەو نە دەیکەم، بەو شێوەیەی کە خۆی ویستوویەتی دەست پێدەکەم:

مریەم: گوگوش لەکالیفۆرنیا چی دەکات؟

گوگوش: گوگوش لەکالیفۆرنیا هەوڵ دەدات کۆسپو بەربەستەکان لەبەردەمی لابەرێت، هەڵبەت چەند رۆژێکە دوای دوو ساڵ کەلەرێگەی دادگاوە رێگەیان لەگۆرانی ووتنم گرتبوو، توانیم لەژێر ئەو بۆندە سەپێنراوانەدا دەربچەمو لەسەرەتاوە دەست بکەمەوە بەگۆرانی ووتن.

مریەم: ژیان چۆن تێدەپەڕێت؟

گوگوش: بەنیسبەت ئەو ئاڵۆزییەی کە لە21 ساڵی رابردوودا بەهۆی قەزای کۆمەڵایەتی-سیاسییەوە هەمبوو، ژیانم بەئارامییەکی زیاتردا تێپەڕدەبێت،لەپاڵ منداڵو نەوەکانمدا، هەڵبەت لێرەش ئاڵۆزی هەیە، بەڵام ئاڵۆزییەکانی ئێرە زیاتر تاکەکەسیو شەخسییە، دەبێت ئاگاداری خۆمان زیانی کەمتر لەخۆمانو دەوروبەرەکەمان بکەوێت.

مریەم: لەوانەیە چاوەڕێی ئەوە نەبووبیت لێرە رووبەڕووی ئەمانە ببیتەوە؟

چۆن، بەرێکەوت کاتێك لەئێران بووم، هەمیشە پێشبینی ئەمانەم لەهزرمدا دەکرد، هەر ئەو رووداوەی کە لەم دوو ساڵەدا روویدا بۆم، ئەسڵەن هەر ئەم شتانەن رێگرن لەبەردەم بەرەو پێشەوە چوونمدا، دەڵێن هەرچیەك بۆخۆت دووبارە بکەیتەوە، ئەوا لێت دەقەومێت، من هەندێ جار بیر دەکەمەوە کە ئەوەندە ئەم شتانەم لەلای خۆم دووبارە کردووەتەوە بۆیە روویداوە بۆم.

مریەم: بەڵام ئەمانە دروستکراوی هزری تۆ نەبوون، بەڵکو بوونیان هەبووە

گوگوش: بەڵێ، بوونیان هەبووە، راستی بوون، لەدەوروبەری من مرۆڤ گەلێك هەبوون، کە بۆدەست کەوتنیماڵو سەرمایە سڵیان لەهیچ کارێك نەدەکردەوە، تەنانەت بەنرخی درۆو ناپاکی.

مریەم: ئایا راستە ئەو کەسانەی کە کێشەیان بۆدروست کردی لەئەمەریکاو کەنەدا پەیوەندییان بەئێرانەوە هەیە؟

گوگوش: ئەگەر بڵێم ئەو کەسانەی کە کاری هونەری دەکەن لەئێران، پەیوەندییان بەم کەسانەوە هەبووە لەئەمەریکا ئەوا باوەڕی پێدەکرێت بەڵام من نامەوێت ئەم باوەڕەم هەبێت.

مریەم: ئەو کەسانەی کە لەئێران سەرقاڵی کاری هونەری بوون، چۆن هاتن بۆلای تۆ، چی بوو کە دوای ئەو هەموو ساڵە بڕیارتدا لەئێران بێیتە دەرەوە؟

گوگوش: ئەگەر بڵێم ئەم رووداوە ئەوەندە بەخێرایی روویدا کە تەنانەت کاتی بیرکردنەوەو بەرەنگار بوونەوەم نەبوو لەوانەیە باوەڕ نەکەیت، پێش ئەوە، واتە شەش حەوت مانگ پێش ئەوە پێشنیاریان پێکردم، لەلایەن کەسی ترەوە کە من وەرم نەدەگرت، تەنانەت نەمدەویست رووبەڕوویان ببمەوە بۆ ئەوەی پێشنیازەکە لەزمانیانەوە نەبیستم، داوام لەمەسعود دەکرد قسەیان لەگەڵدا بکاتو بزانێت ئەوانە کێن.

مریەم: کێ بوون؟

گوگوش: بەڕواڵەت ئەو کەسانە بوون کەکۆنسێرتیان رێك دەخست، بەڵام من بەهەرحاڵ پێشنیازەکەیانم وەرنەگرتو، بەڵام لەناکاودا بە مەسعودیان ووت کە من لەفیلمدا بەشداری بکەم.

مریەم: لەلایەن (برایانی شایستە)وە لەهیدایەت فیلم؟

گوگوش: بەڵێ، منیش قبوڵم کردو بۆندێکی چوار فیلمیمان ئیمزا کرد، شایستە یەکەمجار سوربوو لەسەر ئەوەی کە ناوی نەبرێت، دواتر کاتێك بۆندەکەمان ئیمزا کرد، لەناوەڕاستی کارەکەدا بینیم خۆی لەکارەکە کێشاوەتە دواوەو منی داوەتە دەست کەسێك بەناوی (خوش زبان)ەوە.

مریەم: واتە شایستە بۆندەکەی ئیمزاکردو ووتی مۆڵەتی ئەکتەری تۆش وەردەگرم؟

گوگوش: بەڵێ، بەڵام پاشان ووتی دەبێت لە دەرەوەی ئێران کار بکەین تاوەکو بەردەمی ئەو کێشەو قەرەباڵخیانە بگیرێت کە دێنە پێشەوە، ووتی باشترە لێرە نەبین، کارەکە تەواودەکەین ئەوان ڕووبەڕووی کاری ئەنجام دراویان دەکەینەوە، هەر ئەو کارەی کە بۆهونەرمەندە کۆنەکانیان کردبوو، بەهەرحاڵ دوای چەند رۆژێك لەبەستنی بۆندەکە بەناوی شایستەوە ووتی حەز دەکەیت لەکاتی نواندندا، چەند کۆنسێرتێکیش ئەنجام بدەی؟ من زۆر بەئاسایی ووتم: بەڵێ، بۆچی نە، ئەگەر ببێت زۆر باشە، خراپ نیە، خراپ نیە!...بیری لێ بکەرەوە، شەوانێك چی خەوانێکم نەبینیبوو و ئێستا دەڵێم خراپ نیە، بەهەرحاڵ نەمدەزانی لەبۆندەکەماندا لەبارەی کۆنسێرتەوە چی دادەنرێت، لەماوەی هەفتەیەکدا ئەم بۆندەشمان ئیمزاکردو ماوەی دوو سێ رۆژ، پاسپۆرتەکەم ئامادەبوو ئەویش لەکاتێکدا کەمن لەماوەی بیست ساڵدا، لانی کەم پازدە ساڵ بەدوای وەرگرتنی پاسپۆرتەوە بوومو نەبووبوو، کاتێك پارەکەماندا پاسپۆرتەکەیان پێداین.

مریەم: ئایا وادەزانی کە ئەگەر بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە نەبووایە، لەگەڵ دانی پارەدا پاسپۆرتیان پێبدایەن؟

گوگوش: ئەگەر بیانزانیبا بۆ کارێکی وایە، بێگومان نەیاندەدا.

مریەم: نە، بەشێوەیەکی گشتی تر، بۆنمونە بۆ سەفەر؟

گوگوش: نازانم دەبوو یان نە، چونکە هەرجارێك کە دەرۆشتم، دەیانووت ئەوەندە قەرزاری‌و لەسەر کارتی تێپەڕبوونەکە قەدەغەکردن هەیە، ئەو پارەیە بدە بەدارایی، کاغەزی لابردنی قەدەغەیی بێنە، منیش نە ئەو پارەیەك هەبوو نە دانی ئەو پارەیەشم قبوڵ بوو، هەمیشە دەمووت: ئەم پارەیە قەرزار نیم، پاشان ئەگەریش قەرزار بم ئەوا دوای تێپەڕبوونی کات نەماوەو، یان ئەگەر بەتێپەڕبوونی کاتیش لانەچووبێت، کاتێك ئێوە دەڵێن دەنگی ژن حەرامە ئەی بۆچی دەتانەوێ پارەی لێ وەربگرن؟

مریەم: واتە مالیات قەدەغەیەکی نەبوو لەسەر کاری حەرام؟

گوگوش: بەڵێ، هەزارشتی سەیرو سەمەرەی تێدابوو، نازانم لەوانەیە قسمەتەکە وابووبێت.مریەم: خۆش چیهرە لەئێران چی کارە بوو؟

گوگوش: (بەپێکەنینەوە) خۆش چیهرە نە، خۆش زەبان، خۆش چیهرە کابرایەکە وا بڕیاربوو لە کابینەی تازەدا ببێتە وەزیری ئابووری

مریەم: داوای لێبوردن دەکەم.

گوگوش: خۆش زەبان لەئێران بوو، سەرەتا بەناوێکی ترەوە پێم ناسێنرا

مریەم: چی شێوەیەك بوو؟

گوگوش: شێوەی بەڕێز (خیابانی) دەدا کە لە بەرنامەی وەرزشی کەناڵی تەلەفزێونییە.

مریەم: تۆش پرسیارت نەدەکرد کە تۆ کێیت، یا تەنانەت لە بەڕێز شایستەشت نەپرسی؟گوگوش: چۆن شایستە ووتی ئەمە بەڵگەی مانەوەی هەیە لە کەنەدا کارەکانمان رێك دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئیشەکەمان نەگەشتە ئەوکاتە، هەموو کارەکان لەوانەیە لەماوەی هەفتەیەکدا تەواو بوو، سەرەتا ئەو لە بەردەم فەرمانگەی گوزەرنامەدا بینی، ئامادە بوو کە بە قسەی خۆی، پاسپۆرتەکەی من وەربگرێت و هەر ئەو رۆژە بۆ وەرگرتنی ڤیزا بڕوات بۆ باڵیۆزخانەی کەنەدا، دواتر زانیم کە لە بری من لەپاسپۆرتەکەدا ئیمزای کردووە، واتە نووسرابوو گوگوش، لەکاتێکدا کە ئیمزای من نەبوو، پاشان بە پاسپۆرتەکەی من رۆشتبوو بۆ پاریس بۆ ئەوەی کاری کۆنسێرتەکە رێك بخات، دوای دوو-سێ رۆژیش گەرایەوە ئێران، پاشتر کە ئێمە لە کەنەدا بووین، پیاوێك لە پاریس بەناوی (عەباس) ووتی گوگوش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هاتووە، پێشتریش ویستیان بۆندم لەگەڵدا ببەستن بەڵام من رازی نەبووم، لە دەنگە دەنگی ئەم کابرایەوە تێگەشتم کە خۆش زەبان لەبری ئەوەی بڕوات بۆ باڵیۆزخانەی کەنەدا هاتووە بۆ پاریس و پاسپۆرتەکەمی پیشانی ئەم و ئەو دابوو کە گوگوش

خەریکە دێت، ئەمەش پاسپۆرتەکەی بەکورتی من لەبەر هەندێ گۆڕانی ڕۆحی پرسیارم لێنەکرد، تەنها شەوی کۆتایی و پێش هاتنە دەرەوە لەماڵ، شەهرامی نازری تەلەفۆنی بۆ کردم و ووتی لەبارەی تۆوە زۆر قسەم لە گەڵ خۆش زەبان-دا کردووە، ووتم خۆش زەبان کێیە؟، وەڵامی دایەوە ووتی پیاوێکە دواتر قسەکانی کۆکردەوە و پێی ناساندم.

مریەم: بەیەکەوە لەتاران دەرچوون

گوگوش: بەڵێ، ئەم پیاوە لەگەڵماندا بوو لەگەڵ پیاوێك و دوو ژنی تر، من هیچیانم نەدەناسی، تەنها بەڕێز شایستە لە فرۆکەخانەکە پێی ووتم تۆ خەیاڵت ئاسوودە بێت، من خۆم دەگەیەنم پێتان.

مریەم: ووت دوو پیاو و...

گوگوش: بەڵێ، کچێك دەیانووت وێنەگرەو یاریدەدەری تایبەتی منە، ووتم چۆن دەبێت من کەسێك ناناسم ببێتە یاریدەدەری شەخسی-م، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو بووەو دەرۆشتم بۆ هەر کوێ لەگەڵم-دا بوو.

مریەم: چی شێوەیەك بوو؟

گوگوش: ئافرەتێکی گەنج، وابزانم هاوڕێی کچەکەی بەڕێز خۆش زەبان بوو، ئەویتریش کەسێك بوو لەگەڵ هاوڕێی کچەکەیدا هاتبوو و کۆنسێرتەکانی کەنەدای بەڕێوە دەبرد، بەکورتی بیڵێم ڕووبەڕووی کاری زۆری ئەنجام-دراو بوومەوە، دواتر کاتێك گەشتینە کەنەدا، یەکێك لە هاوڕێیانی منداڵی مەسعود لە گەڵ هاوسەرەکەی کە پارێزگارێکی ئەمریکی بوو، هاتن بۆ لامان و بۆندەکەی کردە زمانی ئینگلیزی، بەڵام لە وەرگێرانە ئینگلیزییەکەدەا هەندێ شت گۆڕا.

مریەم: وەکو چی؟

گوگوش: بۆ نموونە نووسرابوو 52 کۆنسێرت لەساڵێکدا، واتە دەبووایە کاری فیلمیشم بکردایە، و هەفتەی کۆنسێرتێکیشم هەبوو، من لەبەر ئەوەی لە زووەوە ئەم کارەم نەکردبوو نەمدەزانی، ئیتر تەنانەت نەمدەزانی 52 کۆنسێرت لەساڵێکدا یانی چی، بەچی پارەیەکیش، پارەی شەش-حەوت کۆنسێرت لەساڵێکدا، لەراستیدا لەنادانی خۆم-ەوە بوو.

مریەم: بەڕێز (کیمیایی)یش نەیدەزانی؟ گوگوش: نازانم دەیزانی یاخود نە، بەڵام ئەگەر بیزانیایە دەبووایە نەیهێشتایە، باوەڕ ناکەم زانیبێتی.

مریەم: بەڵێ، نەدەبوو 52 کۆنسێرت بگێڕی لەگەڵ نواندنی 4 فیلم؟

گوگوش: هەر بەو شێوەیەش دەرچوو، دواتر بەردەوام پێی دەووتم: دەی فیلمەکانم کوا، هەموویان چەسپاون بە کۆنسێرتەکانی تۆوە و کارەکەی منیش هیچ، منیش نەمدەزانی کاملا بگرم، دواتریش کاری کۆنسێرتم وێڵ کردو کەوتمە دوای بەرهەم هێنانی فیلم و ڕۆشتین بۆ کوبا، دوو مانگیش لەوێ ماینەوە کە (شایستە) هات و ووتی مۆڵەت نادەن.

مریەم: باسی ئەو شەوە بکە، لەئێران هاتیتە دەرەوە. گوگوش: شەوێکی سەیرو نامۆ بوو، نازانم چۆن جانتاکانم کۆکردەوە، بەهەرحاڵ وامدەزانی دەگەڕێمەوە، خۆش باوەڕانەو مناڵانە ڕەفتارم کرد، لە فڕۆکەخانە ترسێکی سەیرم هەبوو کە نەوەکو پێشم لێبگرن، تەنانەت کاتێکیش سواری فڕۆکەکە بووم، وا بیرم دەکردەوە ئێستا دێن و دام دەگرن، کاتێکیش فڕۆکەکە تەواو بەرز بوویەوە دەمووت ئێستا بە بێتەل پێیان دەڵێن بگەڕێنەوە و دەڵێن لە فڕۆکەکەدا گەشتیارێك هەیە مۆڵەتی چوونە دەرەوەی نییە.....

مریەم: ئێرانیانێکی زۆر، خەڵکانێکی ئاسایی، لەم ساڵانەدا هەستێکی وایان تاقیکردووەتەوە. گوگوش: بەڵێ دەزانم، هەستێکی زۆر سەیر بوو، ترسێکی دڵ نشین، کە دواتر ڕەوییەوە. مریەم: لەوانەیە سەفەرکردنیشت لەبیر چووبێت؟ گوگوش: بەڵێ، بەڕاستی، وەکو ئەو منداڵانە بووم کە بۆ یەکەمجار دەڕۆشتن بۆ سەفەر، ئەسڵەن خۆم لەبیرکردبوو، کاتێك باسی کۆنسێرت یان شتێکی تریان لەگەڵدا دەکردم، وەکو دوا کەوتووەکان سەیرم دەکرد، یانی ئەم ڕووداوانە ڕوو دەدا، واتە دەبێتە بچمە سەر شانۆ، چی ئەزموونێکە!...

مریەم: کاتێك پێتان کەوتە سەر خاکی کەنەدا چی؟ گوگوش: گێژ و بێتاقەت بووم، وەکو ئەوە وابوو کێشابێتمیان بەدیوارێکدا، نازانم چی ڕوویدابوو....

مریەم: و ڕووی داو ڕۆشتیتە سەر شانۆ، تۆ دەگریایت و زۆرێك لە ئامادەبووان لەگەڵ تۆدا دەگریان، ئەو کەسانەت دەبینی؟

گوگوش: من لەنێو خەڵك-دا بووم و خەڵكەکە لەسەر شانۆ، بەیەکەوە دەگریاین، بەیەکەوە پێدەکەنین، حاڵەتێکی جیاواز بوو وا نازانم لە مێژووی موزیکی جیهانیدا رووداوی وا رووی دابێت، واتە گۆرانی بێژێك بۆ ماوەی 21 ساڵ بواری گۆرانی ووتنی نەبێت، دەنگیان وەستاندبێت، وای دابنێ من لەم ماوەیەدا هەر گۆرانیم نەووتووە، تەنانەت لە تەنیاییش-دا، تەنانەت نەمدەزانی دەنگ هەیە؟ دەتوانم گۆرانی بڵێم؟

مریەم: وا دیار بوو دەنگیشت زیندانی کرابوو، دەنگت لە پلەیەك زیاتر بەرز نەدەبووەوە؟

گوگوش: رێك وایە، هەر کاتێك دەمویست شتێك بڵێم، ئەوەندە هێواش دەمووت کە وردە وردە وام دەزانی دەنگم سەقفی پەیدا کردووە، دەنگم رۆشتووە، ئەسڵەن وام بیر دەکردەوە ئیتر ناتوانم بەدەنگی بەرز گۆرانی بڵێم، هەر نەمدەزانی چۆن دەبێت بڕۆیتە سەر تەختەی شانۆو دەبێت چی بکەیت؟

مریەم: لەیەکەم کۆنسێرت-دا وا دەردەکەوت جوڵەت لەبیر چووە؟

گوگوش: نەخێر، لەبیرم نەچووبووەوە وەلێ دەترسام بجوڵێم.

مریەم: ئێستا ئاسوودەیت، پێشگرە هزرییەکانت لەبیرچووە؟

گوگوش: نزیکەی دە رۆژ پێش ئێستا کە دەربازم بوو لە شەڕەکانی ئێرە و پیاوەکان، بە تەواوی ئاسوودە بووم.

مریەم: بەسەرهاتی ئەو دەرگیرییانە چی بوون؟ لە کوێوە هاتن؟

گوگوش: بەو شێوەیەی کە ووتم لە بۆندەکەدا نووسرابوو 52 کۆنسێرت لە ساڵێك-دا، پاشان بە یارمەتی ئەو پارێزەرە ئەمریکییە، لە نووسراوی ئینگلیزی، بڕیاری ئەوە درا کە تاوەکو یەك ساڵ هەرچی کۆنسێرتیك ئەنجام درا، هیچ، ئەگەر ئەنجام نەدرا، ئەوا بۆندەکەم تەواو بووە، بەڵام بەڕێز خۆش زەبان، پێش ئەوەی ساڵێك تەواو بێت، لەرێگەی چەند واسیتەیەکەوە بۆندێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکیدا بەست کە من 19 کۆنسێرتیان بۆ بکەم، ئەویش لەو کاتەدا کە من ئیتر بۆندەکەم لەگەڵیدا تەواو بووبوو.

مریەم: پەیوەندی بەڕێز قاسمی بە مەسەلەکەوە چی بوو؟

گوگوش: ئەمیری قاسمی و مەسعودی جەمالی ئەو دوو کەسە بوون کە بەبێ بوونی نوێنەریان لەلای من لەسەر قسەی بەڕێز خۆش زەبان ئەو بۆندەیان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکەدا بەست.

700هەزار دۆلار-یشیان وەرگرت، کە 200هەزاریان بۆ خۆیان هەلگرتو ئەویتریشیان دایە خۆش زەبان خۆش زەبان-یش دەیزانی کە گەشتووەتە کاتی تەواو بوونی بۆندەکەی لەگەڵ من-دا...

مریەم: ناوی شایستە لە بۆندەکەدا بوو یان خۆش زەبان؟

گوگوش: لەکەنەدا کاتێك بۆندەکەمان بە ئینگلیزی نووسییەوە ناچار بووین ناوی خۆش زەبان-یشی تێ بکەین.

مریەم: بەڵێ دەتووت....

گوگوش: خۆش زەبان لەو 500 هەزار دۆلارەی کە وەری گرتبوو بەهۆی دەست مایەی ئەو کۆنسێرتانەی پێشتر ئەنجامم دابوو، 200 هەزاری خستە حسابەکەی من و ئەویتریشی بۆ خۆی برد، پاشان کاتێك کۆمپانیا ئەمریکییەکە تێگەیشت من نامەوێت کۆنسێرتیان بۆ ئەنجام بدەم شکایەتیان لەمنو مەسعودو ئەمیرو خۆش زەبان کرد لەدادگا بەتۆمەتی ساختەچێتی، خۆش زەبان-یش دیار نەمابوو و پارەکەی من-یشی نەدابوو، بەکورتی ساڵێك بە رۆشتن بۆ دادگا تێپەڕی، تا لەکۆتاییدا من لە تەنهایی و بێ کەس-یدا، بڕیارم دا 3 کۆنسێرتیان بۆ بکەمو پارەکەش بەم شێوەیە قەرەبوو ببێتەوە، ئەو سێ کۆنسێرتەشم ئەنجام دا، بێ ئەوەی بزانم لەبۆندەکەدا نووسراوە 19 کۆنسێرت.

مریەم: چەندە پێچاو پێچ و سەخت.

گوگوش: نازانیت چی بارودۆخێکم هەبوو، تەنانەت ووتم باشە ئەم کۆنسێرتانەش ئەنجام دەدەم، بەڵام ئەم پیاوانە دەیانویست گاڵتەم پێ بکەن، من بکەمە هاو تەریبی خۆیان، تاوەکو سوودمەند بن، دەزانیت هەندێ کەس دەیانەوێت ئەوانیتریش وەکو خۆیان بێننە خوارەوە، کورت بکەنەوە، تاوەکو کاروباریان تێپەڕبێت، بە هەرحاڵ من نەڕۆشتمە ژێر بارەکەو بە یارمەتی میهرداد، کێشەکە چارەسەر بوو.

مریەم: بۆندەکەت لەگەڵ بەڕێز شایستە لە تاران چۆن بوو؟

گوگوش: بڕیار بوو من ئەو کۆنسێرتانە ئەنجام بدەمو ئەویش پارەیەکی دیاری کراوم لەبەرامبەردا بداتێ.

مریەم: و ئەوانیتریش بگاتە بەڕێز شایستە.

گوگوش: من وابیرم دەکردەوە، دواتر تێگەشتم بۆندەکەی لەگەڵ من-دا بەستووە بەڵام بۆندەکەی یان بە خۆش زەبان فرۆشتووە یان بۆی داناوەو لەسەدا یەکی دەست کەوتووە.

مریەم: ئێستا خۆش زەبان لە کوێیە؟

گوگوش: بەناوێکی ترەوە لە تۆرنتۆ چالاکی دەکات، بۆ گۆرانیبێژانی موقیمی کەنەداو لۆس ئەنجەلۆس، کۆنسێرت رێك دەخات، و یان سی دی دەر دەهێنێت.

مریەم: باسی میهردادت کرد، ئەو هونەرمەندە گەنجە؟

گوگوش: بەڵێ، هونەرمەندێکی زۆر بەتوانایە، هەم لەگۆرانی، و هەم لە موزیك دانانیشو هاوڕێی رۆژی تەنگانەشە، یارمەتی منی زۆردا، یەکەمین کاری هاوبەشی منو ئەو (کیو کی و بنگ بنگ)بوو کە بۆ منی دروست کرد، پاشان ئەلبومی (اخرین خبر)، و ئێستاش گۆرانییەکانی ئەم دوایین ئەلبومە، بەرهەمو رێکخستنی ئەوە.

مریەم: مانیفێست؟ دەتەوێت چی بڵێیت؟

گوگوش: مانیفێست لە فەرهەنگی زمان-دا مانای زۆری هەیە، وام دەزانی مانیفێست تەنیا ووشەیەکی سیاسییە واتا راگەیاندنی حیزبی، بەڵام گەلێك مانای هەیە.

مریەم: و لەنێو هەموو ماناکان-دا، کامەیان زۆر لەکارەکەی تۆوە نزیکە؟

گوگوش: یەکێك لەماناکانی واتە دەرکەوتن، وەکو ئەستێرە، یاخود وەکو خێوێك لەناکاو دەربکەوێت.

مریەم: دەتوانیت بۆ ساتێك چاوت لێك بنەیتو وا بزانیت لەتاراندایت؟

گوگوش: هەر نامەوێت بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە، ئامادەنیم، ئەسڵەن نامەوێت بگەڕێمەوە بۆئەوێ.